لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی

١٧٨٧ – ١٩٧٥

ئەندامی یاریدەری کۆڕی زانیاری کورد

نەریمان

«مستەفا سەید ئەحمەد»

١٩٧٧ ز – ١٣٩٧ ك – ٢٦٧٧ کوردی

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا

١٩٧٧

43588

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

من مطبوعات المجمع العلمي الكردي

ببليوغرافيا الكتب الكردية

١٧٨٧ - ١٩٧٥

نريمان

« مصطفى السيد احمد »

العضو الموآزر للمجمع العلمي الكردي

١٣٩٧ هـ - ١٩٧٧ م - ٢٦٧٧ ك

مطبعة المجمع العلمي الكردي

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

یەکێك لەو شتانەی کە ناوی ئادەمیزادی پێ یاد دەکرێتەوە توسین و بلاوکردنەوەی بەرهەمە • ژمارە زۆری بەرهەمی هەر میللەتێك نیشانەیەکە بۆ شارستانێتی ئەو میللەتە • هەروەها سەربەستی بیرکردنەوە و توسین رۆگەشتی دیموکراتیەت دەنوێنێت •

کورد لە دێر زەمانەوە صەدەها شاعیر و ئەدیبی تیا هەلکەوتوە ، هەندێکیان بەرهەمی خۆیان توسیوەتەوە ، بەلام زۆربەی ئەو بەرهەمانە لەبەر چاپ نەکراوێ لە چوارچێوەیەکی تەسکدا ماونەتەوە •

ئەحمەدی خانێ ، مەلای جزیرێ ، مەولەوێ لە سەردەمی خۆیاندا ئەوەیان نەهاتوە بەخەیالدا کە پارچە شیعرەکانیان چاپ دەکرێن ، وا لەم سەردەمەدا دیوان و بەرهەمی هەریەکێکیان چەند جارێك چاپکراوە و چەندەها لێکۆلینەوەشیان لەسەر کراوە •

لە صەدەی بیستەم بەتایبەتێ پاش بڕانەوەی شەڕی یەکەمی جیهان (١٩١٤ــ١٩١٨) بەرهەمی کوردێ کەوتە ژێر چاپەوە و لەوساوە چاپخانەی (زاری کرمانجێ) لە رەواندز و (ژین)یش لە سلێمانێ دامەزران ،

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

چاپەمەنی کوردی پتر بوە ، لەم هەل و مەرجەشدا برا کوردەکانی یەکێتی سوفیەتمان بەرهەمی خۆیان لەچاپداوە و بلاوکردوەتەوە .

لە دەرەوەی ولات نزیکەی دو سەدە لەمەوپێش هەندێ زانا و پسپۆڕی بێگانە لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی بەرهەمیان چاپکردوە ، یەکەم کتێبی کوردی لە سالی ١٧٨٧ لە رۆما (گارزۆنی) کە قەشەیەکی ئیتالیاییە بە هەردو زمان کوردی و ئیتالیایی ڕێزمان و فەرهەنگێکی لەچاپداوە . هەروەها لە سەدەی رابوردوودا (ژابا) قونسوڵی ڕوس لە (ورمێ) و (پیۆترلێرخ) و چەند کەسانێکیتر لەسەر زمان و فۆلکلۆری کوردی بەرهەمیان چاپکردوە .

لە دوا سالەکانی سەدەی پێشتو واتە لە سالی ١٨٩٣دا (یوسف ضیائەددین پاشای خالیدی مەقدیسی) کە فەرمانبەرێکی عەرەب بوە لە کوردستاندا ، مرۆڤایەتی و دڵسۆزی بۆ کورد پاڵی پێوە ناوە بۆئەوەی ڕێزمان و فەرهەنگێك بەناوی (الهدية الحميدية في اللغه الكرديه)وە لە ئەستەمۆڵ لەچاپ بدات ، ئەمە لە مەیدانی ڕۆشنبیری هەردو نەتەوەی کورد و عەرەبدا بە بەردی بناغەی برایەتی دادەنرێت .

یەکەم کتێب کە سەرتاپای کوردی بێت و بە ئەرکی کورد چاپکرابێت کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد)ە ، کە ئەمین فەیزی‌بەگی ئەفسەر و ڕۆشنبیر لە سالی ١٩٢٠ لە ئەستەمۆڵ چاپیکردوە .

ئێمە دەتوانین سالی ١٩٢٥ بە سەرەتای سالی کتێبی کوردی دابنێین چونکە لەم سالەوە بەردەوام سالّ لەدوای سالّ کتێبمان چاپکراوە و ژمارەی پتربوە . لە سالانی سێیەمدا کتێبی کوردیمان لە گەشە کردندا بوە چونکە لەو دە سالەدا (١٥٠) کتێبمان دەرچوە بەرانبەر (٢٨) کتێب لە دە سالی پێش خۆیدا . بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی دوەمی جیهانی (١٩٣٩ــ

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

١٩٤٥)ەوە ژمارەی کتێبمان بە جۆرێك گلۆڵەی کەوتە لێژێ کە لە ساڵانی ٩٤٤ و ٩٤٥دا هەر ساڵی یەك دانە کتێب و لە چل و سێ و چل و دوێشدا هەر ساڵێکیان سەرو دو کتێب و لە چل و یەك و چل و شەشیشدا تەنها سەرو سێ کتێبی کوردێ لێرە چاپکراوە ، بەم جۆرە لە ساڵانی چلدا هەموی (٥٢) کتێبمان دەرچوە لەم ژمارەیە (٣٩)ی لە عیراقدا چاپکراوە .

لە ساڵی ١٩٥٠وە ژمارەی کتێبمان لە سەرکەوتندا بوە لە وەختێکدا لە ساڵی ١٩٥٠دا پێنج کتێبمان چاپکراوە ، کەچی لە ساڵی ١٩٥٨دا ئەو ژمارەیە خۆی گەیاندە (٥٤) کتێب ، بەم پێیە سەرجەمی کتێبمان لە ساڵەکانی پەنجادا تەنها لە عیراقدا گەیشتە (٢٤١) کتێب و ئەم ژمارەیە تا ساڵی ١٩٦٠ پارسەنگی خۆی گرت . بەڵام کە گیروگرفتی کورد دەستی پێکرد دیسانەوە ژمارە بەرەو لێژێ بوەوە ، بەجۆرێك لە چوار ساڵی ١٩٦٢ تا ١٩٦٦ تەنها (٣٩) کتێبمان بۆ چاپکراوە . لە ساڵی ١٩٦٨ەوە دیسانەوە ژمارەی کتێبمان بەم جۆرە ساڵ لەدوای ساڵ لە پەرەسەندنا بۆ :

ساڵی ١٩٦٨ لە عیراقدا ٥٤ کتێبمان چاپکراوە
ساڵی ١٩٦٩ لە عێراقدا ٦٥ کتێبمان چاپکراوە
ساڵی ١٩٧٠ لە عێراقدا ٧٣ کتێبمان چاپکراوە
ساڵی ١٩٧٢ لە عێراقدا ٦٢ کتێبمان چاپکراوە
ساڵی ١٩٧٣ لە عێراقدا ٧٠ کتێبمان چاپکراوە

بەم جۆرە ساڵی ١٩٧٠ بەساڵی زێڕینی کتێبی کوردێ دەژمێردرێت لە عێراقدا . بەڵام ساڵی ١٩٧١ ساڵی زێڕینی کتێبی کوردییە بەگشتێ چونکە لەم ساڵەدا (٧٧) کتێبمان چاپکراوە کە لوتکەی ژمارەی کتێبی کوردییە لە ساڵێکدا ،هەروەها ژمارەی سەرجەمی ئەو کتێبانەی لە ساڵانی شەستەوە تا دوایێ ساڵی ١٩٧٥ دەرچوە واتە لەم پازدە ساڵەدا لەنیوەی سەرجەمی هەموّ کتێبە کوردییەکان زیاتر دەگرێتەوە .

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

بۆ سەرکەوتن و هاتنەخوارەوەی ژمارەی کتێبی کوردیتسان لە پەنجا ساڵی ١٩٢٥ ــ ١٩٧٥ لەم کتێبەدا خەتێکی بەیانێ دەری‌دەبڕێت ، لەمەشەوە ئەم راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەرچەندە ئاستوودەگێ بالی بەسەر ولاتدا کێشابێ ئەوەندەش ژمارە و قەوارە و بابەتی چاپەمەنیسان بۆژاوەتەوە.

لە دوا ساڵەکانی سیەوە دەستم داوەتە خوێندن و شوێنپێ هەڵگرتنی کتێبی کوردێ تاوەکو توانیم لەماوەی دە ساڵدا کتێبخانەیەکی باش پێک بهێنم ، بەڵام جاربەجار چەپاوێك لایەکی لێ ئەقرتاند ، جا لەوەوە کەوتمەسەر ئەوەی ناوونیشان و پوختەی هەر کتێبێکم دەست کەوتبێ تۆماری بکەم . ئەوەبۆ لە ئەنجامدا لەساڵی ١٩٦٠دا ببلیۆگرافیایەکم بەناوی (کتێبخانەی کوردێ) چاپکرد کە ناونیشان و کورتەیەکم لەسەر (٤١٠) کتێبی کوردێ تۆسێ . ئەمەش ژمارەی ئەو کتێبانە بۆ کە تا دوا ساڵی (١٩٥٩) بڵاوکراوبۆنەوە و دەستم کەوتبۆن .

هەرچەندە ئەو کتێبە پڕ بەپێستی مەبەست نەبۆ بەڵام بەردێکی بناغەبۆ . وەك بیستم لە دەرەوەی ولاّت بایەخی پێدرابۆ . لەم چەند ساڵەی دواییشدا گەلێ سەرچاوەم دەربارەی چۆنێتێ رێکخستنی ئەم جۆرە بەرهەمانە خوێندەوە . بەمە دەرگایەکی زانستێ نوێم بۆ خرایە سەرپشت ، ئەنجا کەوتمەسەر کۆکردنەوە و فراوانکردن و داڕشتنی ئەم بەرهەمە لەسەر بناغەیێکی زانستێ نوێ کە بە (ببلیۆگرافیا) ناو دەبرێت .

ئەم وشەیە لە سەرچاوەدا یۆنانێ کۆنە و لە دۆ بەش پێکهاتوە ، (ببلیۆف) واتە کتێب (گراف) واتە تۆسین ، بەمانا (زانیارێ لەسەر کتێب تۆسینەوە) یا لەسەر کتێبخانەکان یا هەر بەرهەمێکی بێرکردنەوە . دەشتوانین بڵێین (هونەری زاتین ــ کۆکردنەوەیە دەربارەی بەرهەم بۆئەوەی بە لیستە بخرێتە بەردەست و بناسرێن) ، جیاوازێ نێوان ببلیۆگرافیا و

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ناوەڕۆك (فهرست ــ cataloge) ئەوەیە كە ناوەڕۆك دەربارەی بەرهەمی یەك كتێبخانە یا چەند كتێبخانەیەكە ، بەڵام ئەویان گشتییە •

بیبلیۆگرافیا ڕێك‌وپێك‌ترین ڕێگەیە بۆ ئاڵو گۆڕكردنی بەرهەم لەنێو گەلاندا ، بیبلیۆگرافیا تۆسینەوە خۆی لە خۆیدا ئامانج نیە ، بەڵكو یارمەتیدەرێكە بۆ ئامادەكردنی (باسی عیلمی و ڕاپۆڕی قوتابیان و ئوترۆحەی مامۆستایان یا بۆ خوێندنەوەی باسی قۆڵ و فراوان یا بۆ پێكهێنانی كاروباری كتێبخانەكان یا هەر بۆ تۆسینەوەی ناوی كتێب و تۆسەران و بابەت و چاپخانەكان هتد •••)

گرنگترین مەرج بۆ ئامادەكردنی هەر بیبلیۆگرافیایەك وردەكاری و وردبینین و یەك ڕێگە و شێواز گرتنە • بیبلیۆگرافیاش ئەم چەشنانەی خوارەوەی هەیە :

١ــ بیبلیۆگرافیای ژماردن Enomerative Bibliography

ئەمە بۆ ژمارەكردنی یەك بابەتە زانیارییە وەك (ئەدەب ، زمان ، مێژۆ) •

٢ــ بیبلیۆگرافیای وەسفكردن Descriptive Bibliography

ئەوەیە كە هەندێ زانیاری دەربارەی چەند كتێبێك دەتۆسێت •

٣ــ بیبلیۆگرافیای ڕەخنە Critical (evaluotive) Bibliography

ئەمە بۆ هەڵسەنگاندنی چەند بەرهەمێكە •

٤ــ بیبلیۆگرافیای بەسەرهات (سیرة) Bio - Bibliography

ئەو بەرهەمانە پێشان دەدات كە تاقە كەسێك تۆسیونیەوە و چاپی‌كردۆن ، یا ئەو بەرهەمانەیە كە لەسەر تاقە كەسێك نوسراون •

٥ــ بیبلیۆگرافیای گشتی Comprehrisive Bibliography

ئەمە هەمۆ بابەتەكانی سەرەوە دەگرێتەوە •

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library